# ڕوخانی بۆش، دەرکەوتنەوەیەکی تری بزوتنەوەی موتەمەدنی دنیا بوو!
# "دەرسێك بۆ خەڵکی کوردستان"

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

بۆش‌و دارودەستەکەی، حزبی کۆماری ئەمەریکا و لیبراله وەحشی‌و خوێن مژەکانی سەدەی نوێ، رامسفێلدو بۆلفتێزو چێنی‌و بولتون‌و بیرل... سیاسەت‌و ئیستراتیژی ئەمەریکا کە 16 ساڵی تەواوە لە هەڵگیرسانی جەنگی خەلیجەوە بەدوای جێبەجێکردنیەوەبوو، کە لە بەدیهێنانی "نیزامی نوێی جیهانی بە سەرکردایەتی بێ هاوتای ئەمەریکا" دیاریکرابوو، لە م هەڵبژاردنەی دواییداو بە شکستی بۆش‌و حزبەکەی، دوا هەناسەی دا. رامسفیلد ووتی "مەشهدی سیاسی گۆراوە"، تا ڕادەیەك ڕاست دەکات، بەڵام درەنگ فەرمووی!. بەکورتی لەڕوانگەی منەوە شکستی بۆش‌و حزبەکەی، شکستی ئیستراتیژی ئەمەریکایە، لەئاستی جیهانیدا. باسەکە لە میدیادا کورت دەکرێتەوە بۆ شکستی ئەمەریکا لە عێراقدا. بەڵام ئەمەریکا لەعێراقدا قەرار بوو گۆڵی خۆی لە تەواوی ووڵاتانی زلهیز بکات لە ژێر بیانوی "جەنگ دژی تیرۆر"و بەم پێیەش ئیستراتیژی خۆی بپێکێت. بەڵام ئێستا ئەمەریکا سەرکەوتنە سەربازییە سەرەتاییەکەی کە بەدەستی هێنا ئەوەشی لەکیس چووە چ جای بکات بە سەرکەوتنی سیاسی. ئەمەریکا دۆڕا نە بەمانای باوی دۆڕاو لەباری سەربازییەوە، هەرچەند ئەمەش دوور نیە، بەڵکو بەمانای، فەشەلی ئیستراتیژییە سیاسیەکەی.

## *شکستی ئیستراتیژی ئەمەریکا "نەزمی نوێی ئەمەریکا"!

لە وتارێکدا کە سەبارەت بە سەردانی رایس بۆ کوردستان نوسیم ئاماژەیەکم بەم مەسەلەیەداوە. بەڵام لێرەدا جێگای خۆیەتی بڕیك وردتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بچین. ئەمەریکا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە، واتە لەدوای ڕوخانی بلۆکی ئیمپریالستی روسیاوە "ئەوەی کە هەربە ناو کۆمۆنیزم بوو، رۆژئاواو میدیای رۆژئاواو بەگشتی میدیای ڕەسمی لە پیناو بەرژەوەندی سیاسی خۆیاندا، بەهەمان ناوەوە بەرەنگاریان دەکرد"، بەدوای ئەوەوە بوو کە نیزامێکی نوێی جیهانی لەسەر کەلاوەی نیزامی جیهانی دووقوتبی دابمەزرێنێت، کە تیایدا ئەمەریکا رابەری بێمونافس‌و بێهاوتای دنیای هاوچەرخ بێت، بەپێی ووتەی بۆشی باوك‌و پێش 16 ساڵ لەمەوبەر کە بەشێوەیەکی کورت ئەو نیزامە جیهانیەی دەربڕی‌و ووتی "چیمان ووت دەبێ ببێت". ئەم ئیستراتیژییە شکستی خوارد. لەگەڵ خۆیدا هەموو پەردەو دروشم‌و سیاسەتە تەکتیکیە بڕگەییەکانی شکستیان خوارد، سیاسەتەکانی لەمەڕ "جەنگی دژی تیرۆر"، "بلاوکردنەوەی دیموکراتی"، " رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە"، " محور الشر"و....

تیرۆر نەك کەم بۆتەوە، بەڵکو لەدوای داگیرگاری عێراقەوە لەهەموو کات زیاتر تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وەك ئاگری نێو پوش گڕی گرتوە. تالیبانێکی کۆنەپەرستی سەدەکانی چەرخی جاهلیەت بە گوڕو تینەوە هاتۆتەوە مەیدان کە ڕوخابوو. لەعێراق ئیسلامی سیاسی کە زۆر کەم کاریگەر بوو، ئێستا دەسەلاتدارەو ڕۆژانە لەگەڵ خەلیل زاد کۆدەبنەوەو بۆش ناچارە لە تەنیشتیانەوە کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری ببەستێت. سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بن بەستە. جەنابی تاوانباری جەنگ‌و پالەوانی ئەشکەنجەی دیموکراتی رامسفلید دوای ئەوەی کە بۆش ئیستقالەی پێدا. ووتی "لەعێراقدا پێشکەوتنمان نەبوە" کە بۆ یەکەمجار بوو لەماوەی چوارسالدا یەك رستەی ڕاست بلێت. بۆش تازە دوای ڕوخان باس لەوە دەکات کە پێویستی بەوەهەیە چاوبخشێنیتەوە بە سیاسەتەکانیدا!! لە فەلەستین ئەمەریکا نەك نەیتوانی سیاسەت‌و پەیمانەکانی خۆی‌و خەریتەی ڕیگاکەی بەرێتە پێشەوە، بەڵکو ئیسلامی سیاسی بۆتە دەسەلاتدارو ئێستا لەسەرکارن. قاعیدەو بن لادن کە بڕیاربوو تەسلیم بەدادگا بکرێن، ئێستا هەڕەشەی تەقینەوەی کۆشکی سپی ئەمەریکا دەکەن‌و لە عێراق‌و پاکستان‌و لەندەنی پایتەختی بەریتانیادا

تەنگیان بە ئەمەریکاو بەریتانیا هەلچنیوە. لەلایەکی دیکەوە. دەرکەوتنەوەو سەرهەڵدانەوەی دەورو ڕۆڵی روسیا بەتایبەت لەگەڵ چین پێکەوە، هەناسەیان لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا بڕیوە لەئاسیاداو لە بەرانبەر ئیران‌و کوریای باکوردا باڵ بەستیان کردوە. ڕۆڵی ئەوروپای یەکگرتوو بەتایبەت فەرەنسا کە سیاسەتیکی جیاواز دەباتە پێشەوەو رازی نیە بە ڕۆڵی بێ‌هاوتای ئەمەریکا، هاتنە سەرکاری چەندین سەرۆکی چەپی بورژوازی لە چەندین وولاتی ئەمەریکای لاتیندا‌و خۆ جیاکردنەوەیان لە سنوری کاریگەری ئەمەریکا‌و تەنانەت ئۆرتیگایەك کە ئەمەریکا فڕاندنی ئێستا سەرۆکی نیکاراگوایە‌و ئەمەریکا ناچارە بلێت مامەڵەی دروستی لەگەڵ دەکەین.

لەمانەش بترازێت نیزامی کۆنەپەرستی ئێران لەسایەی  ئیستراتیژیەت‌و سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمەریکادا نەك لاواز نەبوو، بەلکو بەرئەنجامی نەفرەتی خەلك لەسیاسەتەکانی ئەمەریکا، ئیرانی پێبەهیزتربوو لەلایەکی دیکەشەوە نیزامی ئیسلامی ئێران، لە عێراق بەهۆی ئیئتلافی شیعەوە بە رابەری الحکیم و لە لوبنان بەهۆی حزب الله و لە فەلەستین بە هۆی حەماسەوە قورگی ئەمەریکای گرتوەو ئەمەریکای ناچار کردوە کە پەنا بباتەوە بەر وولاتانی عەرەبی‌و ئێستا ئیتر تەنانەت روکردنە خودی نیزامی ئیسلامی ئێران‌و سوریا وەك وولاتانی "عاصی" ، بۆ بۆش‌و حکومەتەکەی بۆتە مەسەلەی رۆژ.

بەجیا لەمانە ریسوا بوونی دروشم‌و ئالاکانی ئەمەریکا لە پەیوەند بە "بلاوکردنەوەی دیموکراتی"و "مافی مرۆڤ"و  "روخانی دیکتاتۆرەکان" ئەم قسە پوچ‌و بێمانا‌و سەرلێتیکدەرانە کە بۆماوەی چەند سالیك خەڵکیان پێهەڵدەخەڵەتان. واتە لەباری ئایدۆلۆژی‌و سیاسیەوە نیزامی نوێی ئەمەریکا دیسان ریسواو پوچ مایەوە لەروانگەی زۆربەی دانیشتوانی گۆی زەوییەوە. سەرنج بدە خەلکی ئەوروپای رۆژهەلات‌و بپرسن؟!. ئێستا لەخەڵکی عێراق بپرسن!. خەڵك دەنگیان نەدا بە بۆش‌و حزبەکەی وەك بەرئەنجامێکی ئەم شکستە، ئەگەرچی بۆ خەڵکی ئەمەریکا بن بەستی ئەمەریکا لە عێراق محوەر بوو. تەنها ئەو رۆشنبیرو ژورنالیستە لاکەوت‌و پلە سێ‌و چوارانەی وولاتانی وەك عێراق‌و کوردستان‌و ئیران ماون کە داهاتووی خۆیان بە کلاوی بۆش‌و ئیدارە شەرخوازەکەی بپێون‌و تەپل لێبدەن بۆ دیموکراتیەتی بۆش.

حەتمەن شکستی ئیستراتیژی ئەمەریکاو سیاسەتە شەرخوازانەکەی بوارێکی گونجاوتر دەرەخسێنێت بۆ بزوتنەوەی کرێکاری لەئاستی جیهانیدا، تا یەکگرتوترو ڕێکخراوتر بێتە مەیدان‌و بتوانێت ڕابەری‌و پێشڕەوی خۆی لە نێو بزوتنەوەی جەماوەری موتەمەدنی دنیادا مسۆگەر بکات. بەلام ئەم کارە پێویستی بە وەهەیە کە ئاسۆی سیاسی مارکس، منصوری حیکمەت بکاتە ئالای خەباتی خۆی.

## دەنگدانی خەڵکی ئەمەریکا وەك بەشێك لە دەنگی جیهانی موتەمەدن!

15ی شوباتی ساڵی 2003 زیاتر لە 20 ملیۆن ئینسان لە سەرتاسەری جیهاندا وتیان نا بۆ ملهوری ئەمەریکا، نا بۆ جەنگ. ئەوکات سەرباری ئەم ناڕەزایەتییە فراوانە هێز هاوسەنگی بە قازانجی بەرەی شەرخوازو کۆنەپەرست شکایەوەو جەنگی خۆیان بەرپاکرد. بزوتنەوەی دژی شەڕ، کپ بووەوەو ئەو گوڕو تینەی نەما، بەڵام لە هەر وولاتەدا حاکمان‌و شەرخوازانی دەسەلاتداریان دا  بەزەویدا، لەریگای دەنگی خۆیانەوە. لە ئیسپانیا ئەزناریان بەرەو هەلدێر بردو ریسوایان کرد، لە ئیتالیا برلسکونی چوو، لە بەریتانیا بلێر ڕۆیشتنەکەی باشتر بوو لەمانەوەی‌و بەجۆرێك ڕیسوا بوە کە لەگەڵ توتیلەکەی بۆشیش بەراورد ناکرێت، لە ئوسترالیا لە ئێستاوە زەنگیان بۆ هاوارد لیداوەو پێیدەلێن بۆش چوو تۆش وریا بە!. بەڵام ئەمجارە لە ئەمەریکا خەڵك وەك بەشێك لە جەماوەری ملیاری موتەمەدن‌و ئازادیخوازی دنیا، وەك بەشێك لە بزوتنەوەی دژی شەر، وەك بەشێك لە بزوتنەوەیەك کە رازی نین بە سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی ئیدارەی بۆش‌و  گشت ئیستراتیژی ئەمەریکا، دەنگیان دا. لیرەدا جیگای خۆیەتی کە جەخت بکەینە سەر ئەوەی کە دەنگدانی ئەمجارە تەنها دژ بە حزبی کۆماری‌و بۆش‌و دارو دەسەتەکەی نەبوو، لەوە زیاترو لەهەمانکاتدا زەنگیگ بوو بۆ دیموکراتیەکان سەبارەت بە چۆنیەتی بەریوەبردنی کاروباری کۆمەڵگاو سیاسەتی دەرەوەی

ئەمەریکاو چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دنیای دەرەوە. خەلکی ئەمەریکا بەدەنگی خۆی حزبی کۆماری کردە کەمینە لەهەردوبەشی کۆنگرێسدا. خەڵك بەکورتی و بەڕۆشنی بەهۆی دەنگی خۆیانەوە وتیان ئیتر بەسە زەریبەو پارەپوپولی ئیمە بۆجەنگو کاولکاری، ئیتر بەسە بۆ پێشبرکێی چەکسازی، ئیتر بەسیەتی جەنگو کاولکاری، بەسیەتی درۆودەلەسەو ساختەچێتی، بەسیەتی داگیرکاری، بەسیەتی بەکوشتدانی ڕۆلەکانمان...

بەلاّم ئەگەر خەلکی ئەمەریکا بە دەنگدان ئەوکارەیان بە ئەنجام گەیاند، ئەوە خەڵکی دنیا بەشیوەیەکی بێوینە پێشوازیان لەدەنگدانی خەڵکی ئەمەریکا کرد. لەریگای ڕۆژنامەو کەنالە جیهانیەکانەوە بەرۆشنی ئەم هەڵویستەی خەلك دەردەکەوێت : "بۆش جێگای پێلەنگ بوە"، " پۆستەکەی دانا وەك نرخێك بە ئەزمەی جەنگی ئەمەریکا"، "روخانی بۆش، سەرەتایەکە"، "بوشی گێژ"، " ڕاپەرینی دەنگدەران، تەقینەوەی غەزەبی دەنگدەران بوو بەهۆی عێراقەوە"، "سوپاس ئەمەریکا" ، "دەنگیاندا لەپێناو گۆراندا"، " کابۆی ڕانە گا، بەبێ رانەکەی"و.... ئەمانەو سەدانی دیکە مانشێتی گەورەی رۆژی 8ی ئەم مانگە بوون، لە وڵاتانی ئیتاڵیاو فەرەنساو بەریتانیا. بەتایبەت رۆژنامەکانی بەریتانیا تا ڕادەی گالتەپێکردنو ریسواکردنی بۆشو رامسفیلد چونە پێش. لەئاستی خەلکی دنیای عەرەبدا، ئەوە ئاستی هاوپشتیو خۆشحالیان رۆشنە بە دەلیلی ڕۆشن.

ئەم هەلوێستو دەنگدانەی خەلکی ئەمەریکا، نیشاندەری بزوتنەوەیەکی فراوانی جیهانیە، ئەگەرچی ناریکخراوو پەرت، بەلام لەژیر خۆلەمێشەوە تاوناتاو سەردەردێنێتو گورزی خۆی دەوەشێنێت.

## *دەرسێك بۆ خەڵکی کوردستان

"نا"ی خەڵکی ئەمەریکا بە بۆشو ئیستراتیژی ئەمەریکا، نای ئەوان بۆ "جەنگی دژ بە تیرۆر"و "نای ئەوان بۆ مانەوەی سوپای ئەمەریکا لەعێراقدا"و نای ئەوان بۆ پرۆژەکانی دیکەی بۆشو دارودەستەکەی، دەرسێکی رۆشن دەدات بەخەڵکی کوردستان. دەرسیك ئەگەر بێتو وەك پێویست سودی لیوەربگیریت، پێم وایە دەتوانیت کاریگەری گەورە دابنیت لەسەر چارەنوسی سیاسی خەلکی کوردستان.

خەڵکی کوردستان لەماوەی 3 ساڵی ڕابوردودا بەگشتی چارەنوسی خۆیان لە چوارچێوەی سیاسەتو گەمەی ئەمەریکیدا بردۆتە پێش بەهۆی چونە پشتی سیاسەتەکانی دامەزراندنی دەولەتی عێراق لەسەر پایەی ئاینیو قەومی، مل دان بە دەستوری کۆنەپەرستی قەومی–ئیسلامی– تائیفی... بێدەنگ بونو پاسیف بون بەرانبەر بە لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە... ئێستا کاتی ئەوەیە کە بلێن "نا بۆ دەستوری کۆنەپەرستانەی قەومیو ئیسلامیو تائیفی، نا بۆ فیدرالیەت، بەڵێ بۆجیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆو ئازاد" کاتی ئەوەیە کە ریزی ناڕەزایەتی خۆیان فراوان بکەنەوەو یەکگرتوو ریکخراوی بکەن لە پێناو هێنانە دی ئەم خواستە فەورییەدا. کاتی ئەوەیە کە بەتەواوی خۆیان جیابکەنەوە لەسیاسەتی هەردوو حزبی دەسەلاتدارو خۆیان نەکەنە قوربانی سیاسەتەکانی ئەم دووحزبە کە ئێستا لە گەمەی سیاستەکانی ئەمەریکادا یاری دەکەنو تەپل بۆ "دیموکراتی بۆشو ئەمەریکا لێدەدەن".

رۆشنە خەڵکی ئەمەریکا نەفرەت لە داگیرگاریو سیاسەتەکانی بۆشو ئیدارەکەی دەکات، هیچ مەنتقی عەقلێکی تێدانیە کە دوای سیاسەتێکی دۆڕاو بکەویت لە ئاستی ئەمەریکیو جیهانیدا. سوپای ئەمەریکا زۆری نەماوە لێرە، ئەمەریکا بەم جیگاو ڕیگایەی کە هەیەتی لە ئاستی جیهانیدا ناتوانێت هیچ لایەنو هیزێك بکاتە قوربانی لە پێناو پارتیو یەکێتیدا... تەنها رێگا عەزمی یەکگرتوو ریکخراوی خەلکی کوردستانە بەدەوری ئامانجی جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی کۆمارێکی سەبەرخۆو ئازاد دا کە بتوانێت سەرجەم مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکان دەستەبەربکاتو هەنگاو بەهەنگاو خەڵکی کوردستان بەرەو ژیانێکی باشترو خۆشتر بەرێت.

2006/11/10..